

## سەما ئیسماعیلی:

# سینەمای کوردی لە شوێنی خۆی وەستاوە و بەرەوپێش نەچووە


**سەما، سەبارەت بە کارەکەی خۆی دەڵێ:** هونەر دەریایەکی بێ بنە، هەرچەند بزانیت، هێشتا لە سەرەتادای، بۆیە هونەری مەیك ئەپ لای من حەزێکی لەمێژینە بوو، ئەو کاتەی کاری مەیك ئەپی سینەماییم لە کوردستان دەستپێکرد، کەم کەس ئەم کارەیان دەکرد، بەهۆی ئەوەی من دەرچووی بەشی نیگارکێشی بووم، بۆ من کەمێك ئاسانتر بوو، چونکە زۆر لە یەکەوە نزیکن، لە هەڵبژاردنی رەنگ و شێواز فۆرمدا هونەری شێوەکاری زۆر هاوکارو یارمەتیدەرم بووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە عاشقی جیهانی رەنگ و مەیك ئەپ و نیگارکێشی بووم.

هەر لە ئێرانەوە خولیای ئەم کارە بووەو لە کوردستانیش بەردەوامیی پێداوە، لەم بارەوە دەڵێ: سەرەتای کاری مەیك ئاپی سینەماییم لە ئێران بوو، لەوێ لە دوو کورتە فیلمدا کاری مەیك ئەپم کردبوو، بەڵام دواتر کە لە ساڵی ٢٠١٠ هاتمە کوردستان لەگەڵ دەرهێنەری گەنج رێکار ئەحمەد کارم کردو ناوبانگی زیاترم بەدەست هێنا، دواتر لە چەند تیڤییەکی کوردی وەکو مەیك ئاپ ئارتیست کارم کردووە، جگە لە سینەما مەیك ئاپم بۆ بەشێکی زۆری ڤیدیۆکلیپی گۆرانیبێژانی کوردستان کارم کردووە، واتە لە نزیکەی ٤٥٠ ڤیدیۆکلیپ بەشداریم کردووە، لەگەڵ هونەرمەندانی عێراقیش کارم کردووە، هەروەها بەشێکی زۆری ئەو ریکلامانەی لە کوردستان دەکرێت، سەرپەرشتیاری مەیك ئەپ و هەڵبژاردنی جلوبەرگم کردووە.

**سەبارەت بە سینەما و مەیك ئەپی سینەمایی لە کوردستان سەما دەڵێ:** پێموایە لەم قۆناخەدا ئاستی سینەمای کوردی لە شوێنی خۆی وەستاوەو بەرەوپێش نەچووە، بەڵام ئەگەر سەیری دراوسێیەکانی کوردستان بکەین، وەکو ئێران و تورکیا، دەبینین سینەماکان بەرناکەون، بۆ؟ چونکە فیلمی سینەمایی بەهێزیان هەیە، خەڵك بە تامەزرۆییەوە سەیریان دەکات، بەڵام ئەمە لە کوردستان نابیندرێت. زۆر بەکەمی کار لەسەر هونەری مەیك ئەپی سینەمایی کراوە، لە کۆلیژەکانی هونەریش لە کوردستان زۆر گرنگی بەم بوارە نەدراوە، لە کوردستان فیلمی سینەمایی هێندە زۆر بەرهەم نایەت، ئەو فیلمانەی بەرهەمیش دێن، بەشێکی کەمی نەبێت کوالێتییان زۆر باش نییە، دواتر کەرەستەی مەیك ئەپی سینەمایی باش و بە کوالێتی لەناو کوردستان نییە، کە لە نێو سینەما پێی دەگوترێت: «ئیفێکت مەیك ئەپ»، بەناچاری لە ئێران و وڵاتانی دیکە ئەو کەرەستانە پەیدا دەکەین و رۆژ دوای رۆژی کاری نوێ و مەوادی نوێتر دێتە نێو بواری سینەما.

**سەما دەربارەی کاری مۆدێل دەڵێ:** من خۆم وەکو مۆدێل دانانێم، چونکە پێوەری ستانداردی هەیە، مۆدێلی حەز و خولیایەکی تایبەتی خۆمە، بەڵام دوای ئەوەی شەڕی داعش دەستی پێکرد، کاری سینەمای و ڤیدیۆکلیپ لە کوردستان زۆر کەم بوویەوە، من رووم لە مۆدێل کرد، حەزمکرد بە خەڵك بڵێم کە من هەر لە کاری هونەری بەردەوامم، چونکە من پێموایە هەر کەسێك لە بواری هونەری کاربکات، هەرگیز ناتوانێت بەبێ ئیش لە ماڵەوە دابنیشێت، بۆیە هەردەم هەوڵی بەردەوامی لە بوارەکانی هونەر دەدات.

**لە کۆتاییدا تیشك دەخاتە سەر دوایین کاری خۆی و دەڵێ:** هەمیشە هیوایەتی من ئەوە بووە، کار بۆ منداڵانی بێسەرپەرشت و بێ ماڵ وجێ بکەم، پڕۆژەیەکی مەزنم لەو بوارە هەیە، کە ماوەیەکی زۆرە کاری بۆ دەکەم، بۆیە پێویستم بە سپۆنسەر و هاوکاری هەموو کەسێکە، ئەو پڕۆژەیەم ئەوەیە، کە فێری هەموو جۆرە هونەرێکیان بکەین، بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە خزمەت بە کوردستان بکەن و بتوانن بژیوی ژیانی خۆیان دابین بکەن، چونکە هونەر لە هەموو شوێنێك پێگەی تایبەت بەخۆی هەیە.



**ساڵی ١٩٨٦ لەدایکبووە، کورد نییە، بەڵام بە کوردییەکی رەوان قسە دەکات، بڕوانامەی دیپلۆمی لە هونەری شێوەکاری و نیگارکێشی وەرگرتووە، بەڵام حەزی سەما تەنیا لە شێوەکاری قەتیس نابێت و پەی بە توانا و حەزی خۆی بۆ هونەری مەیك ئەپی فیلمی سینەما دەبات، زۆرجاریش وێنەی جوان و پڕهێزا دەگرێت و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان دەکاتەوە و دەنگدانەوەی زۆر لە نێو خەڵك دروست دەکات، کاری مۆدێل و نمایشکاریش دەکات، بەڵام خۆی وەکو مۆدێل و نمایشکار نابینێت.**



## حەسەن شەریف:

# پێویستە هونەرمەندان رۆشنبیر بن و شارەزاییان لە زۆر بوارەکانی ژیاندا هەبێت

حەسەن شەریف یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەشێکی ژیانی لە پێشمەرگایەتی بەسەر بردووە و لە بواری هونەریشدا جێ پەنجەی بە روونی دیارە، حەسەن شەریفی هونەرمەند و پێشمەرگە لە بارەی ئەو بەرهەمانەی کە



## ئەحلام:

# نواندن لە میدیا دوورم ناخاتەوە

شاجوانی پێشووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کچە راگەیاندکاری مەغریبی ئەحلام حەجی رایگەیاند لە ئێستاوە خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی نوێ لە دوای بەرنامەی (فاشن دریم و ڤیزا).

ئەحلام لەم بارەوە دەڵێ: دوای سەرکەوتنی هەردوو بەرنامەی پێشووم ئێستا بابەتی بەردەوام بوون لە کاری میدیایی زیاتر سەرنجم رادەکێشی و هەوڵی پێشکەشکردنی کاری نوێ دەدەم کە جیاوازتر بێت لەو کارانەی پێشتر پێشکەشم کردوون، چونکە هەست دەکەم دەتوانم زیاتر بەرپرسیاریەتی هەڵبگرم و شارەزایی و پسپۆڕیم لە کاری راگەیاندندا پەیدا کردووە، هاندانی خەڵکیش هۆکارێکی دیکەیە کە بەردەوام و بە ئیرادەوە هەنگاو بنێم بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانم.

سەبارەت بە کاری سینەمایی ئەحلام حەجی وتی: زۆر جار ئەو بابەتە لەگەڵ من باس کراوە و منیش کارم بۆی کردووە، سەرەڕای ئەوەش تا ئێستا بەشداریم لە هیچ کارێکی نواندندا نەکردووە، چونکە ئەو کارانەی پێشکەشم کراون لە ئاستی من نەبوون یان سیناریۆکانیان بە دڵم نەبووە، بەڵام ئێستا بیرۆکەی کارێکی هونەری نواندن لە نێوان بە بەشداری من و لەیال عەبود ( کە هاوڕێیەکی نزیکی منە) لە ئارادایە کە بریتییە لە زنجیرە درامایەك و ئەگەر هەردوو لامان قەناعەتمان بە سیناریۆکە هەبوو ئەو و بزانین جیاوازتر بێت لەو کارانەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی هونەریدا پێشکەش دەکرێن و پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت. ئەحلام ئەوەی رەت کردەوە کە نواندن ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی لە بواری میدیا دووربکەوێتەوە.

لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە یارییەکانی مۆندیال کە بەردەوام سەیری یارییەکانی دەکرد، بەتایبەتی یارییەکانی مەغریب، ئەحلام حەجی وتی: بێگومان من یەکێك بووم لە هاندەرە سەرسەختەکانی هەڵبژاردەی مەغریب و سەرەڕای ئەوەی سەرکەوتوو نەبوون و خەونەکانی ئێمەیان نەهێنادی، بەڵام شانازییان پێوە دەکەم، بەڵام لە یاریی کۆتاییدا من هاندەری هەڵبژاردەی فەرەنسا بووم، چونکە لەو وڵاتە دەژیم و ساڵانێکی زۆری تەمەنم لەوێ بەسەر بردووە.

تێنوویەتی جەماوەری دەشکێنن، دەڵێ: پێویستە بابەتە هونەرییەکان بەشێوەیەکی گشتی بابەتی تێروتەسەل بێت و میللەتی کورد هیوا و ئاواتەکانی خۆی لەو گۆرانییەدا ببینێتەوە، پێویستە ئێمەی هونەرمەندان زۆر رۆشنبیر بین و شارەزاییمان لە زۆر بوارەکانی ژیاندا هەبێت کە چۆن دروستبووە؟ چۆن نەتەوە و دەوڵەتەکان دروستبوون؟ چۆن هونەرمەند و رۆشنبیران میللەتان بە سەدان ساڵ پێش ئێستا خزمەتی سوپا و میللەتی خۆیان کردووە و بوونەتە هۆکاری یەکگرتوویی پەیامی میللەتەکەیان و بوونەتە پرد لە نێوان تاکەکانی میللەتەکەیان، پێویست هونەرمەندانی ئێمە شارەزای ئەم لایەنانە بن کە زۆر گرنگە بۆ هەر هونەرمەندێك. حەسەن شەریف پێیوایە مەرج نییە گۆرانی خەرجی و پارەیەکی زۆری تێدا سەرف بکرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، لەم بارەیەوە دەڵێ:

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هونەرمەندە نەمرەکان دەبینین کارەکانیان هەر بە زیندوویی دەمێننەوە، لە سەردەمی باب و باپیرانمان و ئێمە و لە داهاتووشدا هەروا دەبن، بە هەمان شێوە هونەرمەندی نەمر محەمەد شێخۆ بە سازێك گۆرانی دەوت لە ژوورێکی ئاساییماڵی خۆیدا، هونەرمەندانی ئەو کات هیچ پارەیەکیان لە کارەکانیان خەرج نەکردووە، بەڵام خاوەن کاری رەسەن بوون لە هەموو روویەکەوە، ئەگەر سەیریان بکەین دەبینین ئاواز و تێکست و دەنگی هونەرمەند هەموویان زۆر گونجاون، بۆیە بەرهەمێکی رەسەنی زیندوویان پێشکەش بە ئێمە کردووە، لێرەدا رەسەنایەتی و رۆشنبیریی هونەرمەند دەردەکەوێت کە زۆر گرنگە، هونەرمەندەکان زۆر کاری جوانیان پێشکەش کردووە دەربارەی داستان و شەڕی نەتەوەیی و دەتوانین ئێستا سوودیان لێ وەربگرین.



# هوما قورەیشی نهێنیی خواردنەکەی ئاشکرا کرد

لە ساڵیادی لە دایکبوونی خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد هوما قورەیشی، ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەکانی بۆڵیۆد ئامادە بوون و ژمارەیەکی زۆریشیان لە رێگای بروسکەوە پیرۆزبایی خۆیان پێشکەش کرد.

هەر بەم بۆنەوە هوما لە رێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرامەوە بەردەوام وەڵامی جەماوەر و هەوادارانی خۆی دەدایەوە، هەرچەندە بەشێکی زۆری پرسیارەکانیان پەیوەندی بە کەسایەتیی خۆیەوە هەبوو دوور لە هونەر و نواندن، یەکێك لەو بابەتانەی کە پرسیاری زۆری دەربارەی کرا سیستمی خۆراکی تایبەتی خۆی بوو کە هۆکارێکی سەرەکییە لە هێشتنەوەی لەشی بە جوانی، هوما هەوڵیدا بە یەکجار وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بۆیە پۆستێکی بڵاوکردەوە کە بریتی بوو لە لیستی ئەو خۆراکە تەندروستییەی کە رۆژانە بەکاری دەهێنێت و بووەتە هۆکاری ئەوەی کە پارێزگاری لە جوانی و کێشی خۆی بکات.

سەبارەت بەم بابەتە هوما لە ئەنستگرام دەڵێ: لە دوای بابەتی نوێترین کارەکان و جلوبەرگ، جەماوەر زیاتر پرسیاری خۆراکی تەندروستیم لێدەکەن و پرسیارەکانیش جۆراوجۆرن، بۆیە بە پێویستم زانی لیستی ئەو خۆراکانە بڵاوبکەمەوە کە لە سیستمی خۆراکی مندا بە بەردەوامی بوونیان هەیە، ئەمەش تا ئێستا وەك نهێنییەك بوو، بەڵام بە بۆنەی لە دایکبوونمەوە بۆ جەماوەر ئاشکرای دەکەم، هەرچەندە من پێموایە خواردنی تەندروست بابەتێك نییە کە ببێتە هۆی تووڕەبوونی هونەرمەند، چونکە زۆر جار وا پێویست دەکات کە تەندروستی و تامی خۆشی خواردن تا رادەیەك تێکەڵ بێت، ئەمەش وادەکات کە جاری وا هەیە قوربانی بە یەکیان بدەیت، یان تام یان خواردنی تەندروست.

هەر لە درێژەی پۆستەکەیدا هوما دەڵێ: من هەمیشە هانی خواردنی تەندروست و پاك دەدەم، ئەمەش یەکێکی دیکە بوو لەو هۆکارانەی کە نهێنی خواردنە تەندروستییەکەم ئاشکرا بکەم.

## موحسنە توفیق:

# هونەر بەهێزە و خەڵک لە ستەم و زۆرداری رزگار دەکات



**خانمە ئەکتەری ناسراوی میسری موحسنە توفیق تەمەنێکی زۆری لە بواری نواندن بەسەر بردووە و تاڵ و سوێریی سینەمای میسری و رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی چەندین دەیەی رابردووی میسری بینیوە و زور جار دوچاری دەستگیرکردن و راوەدونان بووە بە هۆی هەڵوێستە سیاسییەکانی و پاڵپشتیکردنی بەردەوامی لە داخوازییەکانی خەڵک و وەستانی دژی داگیرکەران، لە قاهیرە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

**دیمانە: سەفا عەبدولڕازق – قاهیرە**

*** هۆکاری دوورکەوتنەوەت لە سینەما چییە؟**


- چاوەڕێی کارێکی گونجاو دەکەم کە شایەنی بەشداریکردن بێت و تەنانەت ئەگەر بە یەك دیمەنیش بێت، چونکە گۆڕەپانی سینەما جێ ناهێڵم.

*** لە کاروانی سینەمایی خۆتدا لە چی پەشیمانی؟**

- باشترین شت لە ژیانی خۆمدا ئەنجامم دابێت ئەوەیە کە کەسێکی ماددی نەبووم، هەر بۆیەش پارەی زۆرم لە دەستداوە، بەڵام شانازیی بەوەوە دەکەم کە بەشداریم لە هەندێك کاری هونەریدا کردووە کە لە ئاستێکی بەرزی هونەری بوون، جا لە شانۆ بێت، یان لە سینەما، پەشیمانیش نیم لەوەی زۆرم کاری هونەریم رەت کردۆتەوە کە لە ئاستێکی بەرزدا بوون، تەنیا لەبەر ئەوەی دژی بیروباوەڕەکانی من بووە، لەوانە فیلمێکی یوسف شاهین، شانازیش بەوەوە دەکەم کە لە هیچ کارێکدا بەشداریم نەکردووە مایەی شەرم بێت بۆ من و نەوەکانم.

*** دوای دوو شۆڕش لە میسر پیشەسازی سینەما لە چ ئاستێکدا دەبینی؟**

- سینەمای میسری ئێستا بۆتە سینەمایەکی بەکاربەر لە زمانێکدا کە شایەنی سینەمای میسری نییە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر میللەتان سەردەکەون و هونەریش رەنگدانەوەی ئەو سەرکەوتنە دەبێت.



*** ئایا هونەر هیچ کۆت و بەندێك بەسەر کاری سینەماییدا دەسەپێنێت یان بە پێچەوانەوە؟**

- هەموو هونەرمەندێك پەیامی خۆی هەیە، پەیوەندیی من بە کاری نواندنەوە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی بێمە ناو دنیای سیاسەت و کۆمەڵایەتی لەم دنیایەدا هیچ جیاوازییەك نییە لەوەی هونەرمەند یان قوتابی یان کرێکار بیت، بەشێوەیەکی گشتی هونەر بەهێزە و خەڵك لە ستەم و زۆرداریی رزگار دەکات و سەرکەوتووش لەو بوارەدا تەنیا میللەت دەبێت نەك بە پێچەوانەوە، چونکە هونەر ساختەکاری دەبەزێنێت و گەلانیش ئەو دوژمنانەیان دەبەزێنن کە ئیستیغلالیان کردوون، ژێر دەستەکان لە کۆتاییدا سەردەکەون، چونکە ئەوان بەهێزترن و خاوەن مافی خۆیانن.

*** پەیوەندیت چۆن بوو لەگەڵ یوسف شاهین لەکاتی کارکردندا؟**

- زۆر باش بوو لەسەر ئاستی هونەری و مرۆڤایەتی، چونکە یەکێك بوو لەو دەرهێنەرە دەگمەنانەی کە لە کاتی وێنەگرتندا زیاتر هانی ئەکتەرانی دەدا، بیرکردنەوەیەکی تیژی هەبوو و هەستی بە کامڵبوونی کارەکە دەکرد لە کاتی رێکخستنی ریتمی کارکردن لە نێوان خۆی و تیمی کارەکەی، لەوەش گرنگتر نەیدەهێشت ئەوانەی لەگەڵی کاردەکەن، هەست بەوە بکەن کە لە چینێکی مامناوەندی بەرزترە لە تیمەکەی و خۆی بەسەر کەسدا نەدەسەپاند، بەڵکو نموونەیەکی بەرز بوو بۆ ئەوانەی بە قووڵی دەچنە ناخی تیمەکەی، بۆیە هەموویان ئارەزوویەکی زۆریان هەبوو بۆ کار کردن لەگەڵی، لە هەمان کاتدا زۆر بە وردی درکی بە بەهای راستەقینەی گەلی میسری دەکرد و هەستێکی مرۆڤانەی بەرزی هەبوو لەلایەن خەڵك لە خۆشەویستی و رێزگرتن بەتایبەتی لە چینی هەژارەکانی کۆمەڵگە، زۆر بە باشی لە زمانی چینی هەژار دەگەیشت و هەستی بە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو چینە دەکرد، چونکە بارودۆخی تایبەت لە سەرەتای کاروانی هونەری خۆی هۆکارێك بوو بۆ هەستکردنی بە بەرپرسیاریەتی گەورە بەرامبەر بە خەڵك کە ئەمەش یەکێك بوو لە جیاوازییەکانی نێوان خۆی و دەرهێنەرانی دیکە و بەمەش ناسرابوو.

*** ئەی پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەند مەحموود ملێجی چۆن بوو؟**

- مەحمود ملێجی وەك مرۆڤ هونەرمەندێکی زیرەك و بەهرەمەند بوو، خۆی تەنیا چیرۆکێکی گەورە و تەواو بوو، بۆیە کارکردن لەگەڵی جۆرێك تام و چێژی هەبوو کە وەسف ناکرێ. لە گشت ئەو کارانەی کە بەشداریم لەگەڵیدا کرد، چ لە سینەما، یان لە تەلەفزیۆن بەتایبەتی فیلمی «عصفور»، بەڵام بەداخەوە دوچاری ستەمێکی زۆر بۆوە لەلایەن دەرهێنەرە گەورەکانەوە، ئەویش بەوەی تەنیا لە یەك قاڵبیان دانا، کە بریتی بوو لە (کەسێکی شەڕانگێز) و لەلایەن جەماوەریشەوە هەر بەوە ناسرابوو، بۆیە مافی خۆی وەرنەگرت، نە لە سوودوەرگرتن لە تواناکانی و نە لە رۆڵی دیکە، نە لەو کرێیەی کە وەری دەگرت بەرامبەر بە رۆڵی کەسی شەڕانگێز.

*** نزیکترین هونەرمەند لە دڵی تۆ کێ بوو؟**

- روشدی ئەبازە، هەروەها سوعاج حوسنی و عەلی ئەلشەریف لەو ئەکتەرانەن کە هەمیشە لە منەوە نزیك بوون،